بەدی نەیەت، بۆیە زۆرجار پرۆسەی دواندن دەتوانێ بەو کارە هەڵبستێ.

دیارە لێرەدا بانگەشـەی ئەوە ناکـەین بەم دواندنـە توانیـومـانە "ڕاسـتی" سـەبارەت بە هەمـوو شـتەکان لە مـامۆسـتا مـەسـعـوود بسـەنین و وەربگرین. بەڵام هێندە هەیە دەتوانین بڵێین مەبەستمان بوو لەم کارەوە "مانای ڕاستی" لای ئەو بدۆزینەوە.

ڕاسـتییەکان هەمەجـۆرن هەروەک چۆن مـاناکانیش هەمـەجۆرن. لێرەوەیە زۆرجـار لە تەک پرسـیـاری قـووڵی مـێژوویی و فکریدا پەنامـان بردووەتە بەر پرسـیارە لاوەکییـە گشـتییـەکان، ئەو پرسـیـارە لاوەکییانەی کە "پێ دەچێت" پرســیــاری گــرینگ و ســەرەکـیش بـن بۆ ڕووناککردنەوەی هەمــوو کــون و قوژبنێک لای مـامۆستـا. هەر لەم سۆنگەیەشـەوەیە ناونیشـانی دواندنەکەمان کرد بە (ژیان، تێگەیشتن و جیهانبینی).

هەروەک نـاکـرێ بڕیارێکی حـەتمی لـەسـەر وەرامــەکـان بدەین، ئـاوهـاش ناکرێ بڵێین مـەسعوود محەمـەد هەموو شتێکی سەبارەت بەو شـتانەی خۆی گـوتوون یان بۆی لواوە بیـڵـێت، چونکە ئەمـەیان کارێکە دواتر دەکەوێتە ناو بەسـتەڵەکبوونی فکری و ئیدیۆلۆجییەکی وشکهەڵاتووش بەرهەم دەهێنێت و ژیان سنووربەست دەکات، چونکە ژیان لە بەردەوامیی خۆیەوە تێگەیشـتنی خۆی دەبینێتەوە و ماناکانیشی لەوێوە بەرهەم دەهێنێ...

کـاری ئێمـە زیاتر هەوڵدانە بۆ فرەمـانـاکردنی تێگەیشـتنەکان... ئەمـەش شکۆدارکردنی خـودی کەسـایەتیی مـەسـعـوود مـحەمـەد نییـە، هێندەی شکۆ بەخـشـینە بە هزرێک کـە لە شـاری کوێراندا دەست بە چاوییـەوە ناگـرێت، بەڵکە ئەو دێت و ڕێگەی ڕاست بۆ کوێرەکان، زەلیل و گومـڕێکراوەکان ڕوون دەکاتەوە! دانی نادنامـەی ڕاسـتەقینەیە بە دیاردەکان، سەروەری بەخـشـینە بە مرۆڤ.

ئەمـە کرۆک و هزری نووسـینـەکـانی مـەسـعـوود مـحـەمـەدە. هەڵبـەتە کـاری

